# ئاینده

خاوەنی ئیمتیاز: بەیان نوری تۆفیق

سەرنووسەر: هەڵاڵە محەمەد ئەڵماس
٠٧٧٠٣٦٧٥٠٥٥
halalaalmas@yahoo.com

دیزاین: چیا حەمەعەلی

تایپیست: مەحبوبە قادر

ژمارە (١٨٩) ساڵی پانزەهەم، ٤شەممە، ٢٠١١/١٠/٢٦

ناونیشان: سلێمانی . کانێسکان . مەکتەبی سکرتارییەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان . خوار یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
www.khushkan.org
aynda97@yahoo.com


# (یەکگرتووی خوشکان) پەیمانگایەکە بۆ پێگەیاندن و هۆشیار کردنەوەی سەدان ئافرەتی لێهاتوو و دڵسۆز

## بڵاوکراوەکانی یادی ١٧ ساڵەی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان




## چەرخ و فەلەک

### زمانی زبرو جنێودان

**کەتان خادیمی**...................................

زۆر باس لە زمانی شیرین و بانگخوازکردن دەکرێت بۆ ڕێی خودا، ئەمەش بەدەقی فەرموودە و ئایەتی قورئان دەبێت، کەچی بەداخەوە زۆر جار لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنو هەندێک لە مینبەرەکانەوە، ئەو بەڕێزەی کە خەڵک بانگ دەکات بۆ سەر ڕێی ڕاست بەزمانێکی زبر ڕوودەکاتە خەڵکی، بەڕێزێک جارێکیان لە سێ چارەکی وتارەکەیدا چەندان جار وتی (بێ ئەدەب، شەرمەزار)...

گرفتی ئێمەی کورد لێرەوەیە کە چەند وتارە سیاسیەکانمان پڕن لە ڕقو توڕەییو زبری، وتارە ئاینیەکانیش نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی ئەو عەقڵە بکەن خەڵکی هانبدەن لەسەر زمانی شیرینو دوورکەوتنەوە لە هێرشکردنە سەر ئەم و ئەوو دوعا لێکردن..

ئەم کەسانە بۆ بیانویەک دەگەڕێن لە وتارەکەیاندا باسی بکەن و هەستی خەڵکی بوروژێنن، ئەم زمانە زبرە دڵنیام تا ئێستا زۆر کەسی دوورخستۆتەوە لە ئاینی ئیسلام و نزیکی نەکردۆتەوە، ئەو ئەوقسانەشی جێگای قەناعەت بن، ئەوا ئەم بە گوێی ناکات، چونکە کاردانەوەی ئەو زمانە زبرە ..نە..خێر.....نابێت.....نا...نا...یە

ئێستا ڕۆژگار گۆڕاوە، کەس توڕەیی و زمانی زبر لەکەس قبوڵناکات.

هەندێک لەو وتاربێژە بەڕێزانە زۆر بە توڕەییەوە هێرش دەکەنە سەر کچانو ژنان لەسەر کەم و کورتی لە ئاینەکەیاندا، یان زۆر جار لەوانە توڕەبن و هاوار دەکەن کە سنورەکانی شەرعیان بەزاندووە، لە کاتێکدا ئەمانە کەسیان سەرناکەن بە مزگەوتدا تا گوێ لە توڕەییەکانی ئەم بەڕێزانە بگرن.

خۆ ئەگەر مەبەستیان چاک کردنیانە، ئەوا دەبێت دەست بخەنە سەرشانیان و بە کوڕەکەم و کچەکەم بانگیان بکەن، نەک بە پێچەوانەوە هێندەی کە دووریان بخەنەوە، یان بابڕۆنە ئەو شوێنەی کە ئەو کەسانەی لێجەم دەبن.

لە هەموویشی سەیر تر ئەم وتارە زبرانە لای ئێمە جەماوەریان زۆرە، خەڵکی زۆر کەیفی پێیان دێت و پڕ بەدڵ پێدەکەنن.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش وتارەکان وەک خۆی بەجوێنەکانەوە بڵاودەکەنەوە، لەکاتێکدا دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک دەزگایەکی مۆدێرن کاربکەنو بزانن کە ئەم زمانە زبرە هەڵەیەکی شەخسیەو لەوە زیاتر ڕەواج بەم کەسانە و جۆرە وتارانە نەدەن.

زۆر جار ئەم وتارە زبرانە ئامادەبوان دژ بە ماڵو منداڵیان هان ئەدەن، ئامادەبووش خۆی ئاستی زانستی لەو ڕادەیەدا نیە زاڵ بێت بەسەر توڕەیی خۆیدا، ئاخر مامۆستایەک وەک قوتابیەکی لاواز شەرمەزاری کرد لەناو خەڵکدا کە پێی وت (حاجی گیان تۆ خۆت لەسەفی یەکەمی مزگەوتداین و کچ و ژنەکەت....)

ئەمیش دێتەوە ماڵەوەو بەشێوازێکی زۆر توڕە بەردەبێتە ژنو منداڵەکەی تانوێژەکەی قبوڵ بێت!!

توڕەیی ئەم پیاوە هێندەی کە باڵاپۆشی و دینداری ناشرین دەکەن، منداڵەکانیش زیاتر دەکەونە دژایەتی باوک و ئایینەوە.

لێرەدا لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو وتار بێژە بەڕێزەکان، با زۆر بە بەرپرسانە وتار بدەن ئیسلام دوورە لەوتەی زبرو ناشرین و جنێودان، تا خەڵکیش لەوانەوە فێری نەرم و نیانی لە سەرخۆیی بێت، مامۆستا گیان خەڵک خۆی توڕەیە...ئێوەش تووڕەتریان مەکەن.

## پیرۆزبایی

خۆشحاڵین بەوەی هاوکاری خۆشەویستمان (شانۆ عارف) لەگەڵ (کاک فەیسەڵ)ی بەڕێز، ئاوێزانی خۆشەویستیو عیشق بوونو ئەڵقەی هەمیشەیی یەکتریان لەدەستکرد.

بەناوی ستافی ڕۆژنامەی (ئاینده) وە جوانترین پیرۆزبایی خۆمان بەباڵای بەرزیاندا دەنەخشێنینو، نزادەکەین ماڵی خۆشەویستییان هەمیشە ئاوەدانو ئاسودە بێت.

**ستافی ڕۆژنامەی ئاینده**



## نامەی دکتۆرای (سۆزان کەریم) گفتوگۆی لەبارەوە کرا



**شادان**...................................

بەرواری ٢٠١١/١٠/٢٠ نامەی دکتۆرای (سۆزان کەریم مستەفا) ، بەسەرپەرشتی (پ.ی.د.کەمال عەلی محەمەد)، لەژێر ناونیشانی ( لێکدانەوەی ڕاسیزم بۆ مێژوو "کەمالیزم و بەعسیزم وەک نموونە") گفتوگۆی لە بارەوە کرا.کە توێژینەوەیەکی فەلسەفی مێژوویی بەراوردکاریی بوو، لە هۆڵی (ڕووناکی) زانکۆی سلێمانی.

لیژنەی گفتوگۆکە پێکهاتبوو لە (پ.د. خەلیل عەلی موراد سەرۆکی لیژنە، پ.ی.د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، پ.ی.د دلێر ئەحمەد محەمەد، پ.ی.د. عەبدوڵڵا ئەحمەد عەلیاوایی، پ.ی.د. سەعدی عوسمان حسێن،پ.ی.د.کەمال عەلی محەمەد) پاش زیاتر لە ٥ کاتژمێر گفتوگۆکە کۆتایی پێهێنراو تێزی نامەکە بەسەرکەوتووی قبوڵکرا.

شایانی باسە (سۆزان کەریم مستەفا) لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٠ز ، شارۆچکەی چەمچەماڵەو، ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ بەشی مێژووی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە، ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماستەری بە ناوی (بەعسیزم) بەدەستهێناوە.ئێستا مامۆستای بەشی مێژووی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانیە.